# تاوانی سەدام ئاشكرایە.. ئەی دەربارەی تاوانەكانی واشنگتۆن؟

**نووسینی جیم هۆغلاند**

**و. لە عەرەبییەوە : مەحمود محەمەد عوسمان**

m_o_osman@hotmail.com

لە زنجیرەی گۆڕانكاری لە بەشی دەنگوباس و ئەو دەنگوباسانە كە لە دادگایی دووەمی سەدام حوسێندا دەبیسین، بەم شێوەیە: حكومەتی ئەمریكی یارمەتی ئاشكراكردنی هێرشەكانی دیكتاتۆری پێشوو دەدات لە قڕكردنی كورد لە جیاتی ئەوەی داپۆشێت.

بەخێربێت گۆڕانكاری. بەڵام لەسەرتانە تاوانەكانی پێشتری ئەمریكا لە بیرنەكەن، كاربەدەستانی ئەمریكا  پێش دە دەیە و بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ بەرپرس بوون كە وردەكارییە ترسناكەكانیان دادەپۆشی و نرخیان بۆ دانەئەنا، كە لەم دوایدا و پێش دوو هەفتە لە هۆڵەكانی دادگا سەریانهەڵدا لە بەغا.

وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا مێژوویەكی دووردرێژیان هەیە لە خیانەت و هەڵە و بەدتێگەیشتن. داپۆشینی پرۆسەی ئەنفال كە سەدام حوسێن  دژی هۆزە كوردییەكان ئەنجامیدا، ڕەشترین ساتەكانی بوو.

من ڕۆشتم بۆ بەغا لە مانگی مەی 1987*، مانای وایە دوای مانگێك لە دەستپێكردنی هێزەكانی عێراق لە بەكار هێنانی گازی ژەهراوی دژ بە دێهاتە كوردییەكان و سووتاندنیان و بە پەیرەوكردنی بەرنامەیەكی داڕێژراو كە ئامانجی جینۆسایت بوو. سەفیری ئەمریكی  خێرایی قەوارەی كاولكردنی دەزانی، لەو سەردانەی كە كردی بۆ پاشكۆی ( ملحق) سەربازی لە باكووری عێراق. بەڵام بەرامبەرم ئینكاری لێكرد. ئەوەی زانیم لە لایەنی ترەوە، كە ڕاپۆرتێكی بەرزكردبووەوە بۆ واشنگتۆن دەربارەی دەستپێكردنی شاڵاوی ئەنفال. و بە شێوەیەكی نهێنی ڕاپۆرتەكەی پێشان دەدا.

لەگەڵ دەستپێكردنی دادگایی سەدامی دووەم بە تاوانی تاوانەكانی شەڕ، شایەتەكان كارەساتی دڵتەزێنیان پێشكەش كرد لەگەڵ وردەكاری دەربارەی چۆنیەتی دەستپێكردنی شاڵاوی ئەنفال ( دەستكەوتەكانی شەڕ) بۆ ماوەی ساڵێك. ژنێك وتی:( من مناڵێكم هەبوو ئەوان ئەنفالیان كرد) ئەمەیش ئاماژەیە بۆ بەكار هێنانی گازی ژەهراوی.

ئەم شاڵاوە بۆ هۆی كاولكردنی نزیكەی 2000 دێ و كوشتنی زیاد لە 50 هەزار كورد و نیشتەجێكردنی زۆرەملی بۆ هەزارەهای تر. دەسەڵاتی ریگان و بوش بێدەنگ بوون، و بەردەوام بوون لە یارمەتیدانی عێراقییەكان لە كاتی شەڕ دژ بە ئێران، بگرە واشنگتۆن بەشداری عێراقی زامن كرد بۆ كۆنگرەی جیهانی كە دەربارەی چەكی كیمیاوی بوو ساڵی 1988!!

ئەم مێژووە هەتا ئێستە زیندووە تا ئەم كاتەی كە ڕۆژانە كارەسات دەبینین لە عێراقدا، تەنانەت تا كاولكردن و كوشتن دەبینین لە شەقامەكانی بەغا. بەڵام هەموو ئەمانە لە گرنگی كەم ناكاتەوە. ئەركی

ئەخلاقی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر عێراقییەکان ئەوەیە کە ئەم مێژووە دانەپۆشێت لە کاتی گفتوگۆکردن دەربارەی ئیستاریجیەکان و سیاسەتەکان، کە بەرەو زیادبوون دەچێت لە کاتی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرسی ئەمریکیی.

لە ساڵی 1972 لێپرسراوە ئەمریکییەکان یارمەتی کورد و شیعەی عێراقیان دەدا بۆ ڕاپەرین دژ بە ڕژێم، بەڵام بیروباوەڕیان گۆڕی بۆ کەمایەتی سونە لە ساتە ناسکەکاندا. ئەوەیان ئەنجامدا لە ڕوانگەی ترس لە نادیار( مجهول)، کە سیاسەتی ئەمریکا دروستی دەکرد.

دوای 3 سەدە لە گۆڕینی واشنگتۆن، کوردەکان سوور بوون لەوەی کە دووربن لە دەسەڵاتی ناوەند، و هانی شیعەکانیان دەدا بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی تایبەت لە باشوور لەگەڵ سەربەخۆیی تەواو. ڕەنگە ئێستە دابەشکردنی عێراق لەدەرەوەی توانای واشنگتۆن بێت لە ڕێگەی بەهێزکردنی دەسەڵاتێک کە گومانی یەکێتی نیشتمانی لیدەکرێت، و ئەوەش خزمەتی خودی بەرژەوەندییەکانی واشنگتۆن ناکات.

لە جیاتی ئەوە و وەک دیارە کە یاری عێراق لە کۆتاییدا بێت، ئەوەی لەسەرێتی کە دوای خۆی حکومەتێکی ناوەند بە جێنەهێڵێت کە کوشتن و کاولکاری بەکار بهێنێت دژ بە هاوڵاتییەکانی. ئەمە کەمترین ئامانجە بۆ چارەسەری کێشەیەکی ئەخلاقی کە ئەگەرێتەوە بۆ پێش داگیرکردنی عێراق، کە سەرۆک بوش فەرمانی دا لە ماوەیەکی درێژدا.

ڕێکەوت نابێت ئەگەر دادگای سەدامی یەکەم، کە کۆتایی دێت، دوابخرێ لەبەر ئەوەی بڕیار دژی بدەن بە تاوانی لە سێدارەدانی بە کۆمەڵ لە دێیەکی شیعەدا، یان دووەم دادگا بووە شانۆیەک لە دەربڕین بۆ تێنوی کوردەکان، کە جیهان بۆ ماوەیەکی درێژ پشتگوێی خستبوو یان کەم بایەخیان پێئەدا.

گرنگ ئەوەیە کە دان بەوەدا بنێن ئەگەر داگیرکردنی عێراق نەبووایە لە لایەن ئەمریکاوە بە هیچ شێوەیەک ئەم دادگایانە نە ئەکرا، بەڵام ئەوە بەرامبەر ئەو سوور بوونەوەیە لەو پێویستییە کە دژ بە دەسەڵاتی ئیدارەی بۆش دەبێت، کە تەبریری بەکار هێنانای سەربازی بکات لەو کاتەی کە بارودۆخەکە بەرەو باشی بچێت. ئەمە مانای ئەوە نییە کە بارودۆخی ئێستە نموونەیی بێت، بەڵام بوونی داگیرکردنی عەسکەری کە نەتوانێ بارودۆخەکە باشبکات، وای لێئەکات کە کارێکی ژیرانە نەبێت، و ناشتوانی بیپارێزێت لە کۆتاییدا، لەگەڵ ئەویشدا کارێکی نا ئەخلاقیە، واز لەوە بێنە کە دەستێوەردانی ئەمریکی لە خودی عێراقدا جارێکی تریش نزیکە لە کارێکی نا ئەخلاقی.